
## بۆ چلەی هونەرمەند کەریم کابان

# کابان هێشتا دوا گۆرانی نەوتووە


ئەحمەد سالار

کاتێ قاسپەقاسپی کەوێ کپ دەبێ، چریکەی بولبولێ لارە مل دەبێ، خەزانێ بەرگی زێرکەفتی دارستانێ دادەماڵێ، کە خۆرێکی نەورۆزی ئەو دیو کەلی خامۆشی دەکەوێ. چی دەگەیەنن؟

ئەی ئەگەر، یان گریمان، دەنگ و ئاوازو شیعرو مۆسیقا رەشەبایەکی وەیشوومە لولی دا و بن هەنگڵی ناو فڕاندی بۆ ئەو دیوو. مەرزەکانی ژیان؟!

هونەرمەندێکی خۆشخوانی ئەوتۆی نەك هەر ئادەمیزاد داروبەرد بزوێنیش کەوتە دەم لێشاوی و شەپۆلاوی ترسناکی دەریا لوشی مەرگەوە، چی دەڵێن؟! ئەمە لەو جۆرە پرسیارە سەرسوڕهێنەرەی لێوالێوی ئەندێشەی ئەوق بوون و تیادا رامانەو ساتی لە یەکدی ترازانی هەست و هۆش و سەرجەم جومەگەکانی نێوان بوون و نەبوونە...

کەریم کابان ئەو مرۆڤەی جگە لە خۆشەویستی و سۆزی زایەڵەی دەنگە ژێنەرەکەی، لەم دنیا بێ سەرو سەرحەدی تەماعکارییەدا هیچی دیکەی شك نەدەبرد، هەر چۆن شنەبایەکەی بەیانیانی شار کە لە داوێنی شاخی گوێژەوە شاری بەسەر دەکردەوە، ئەمیش لە هەمان وادەدا لە کۆڵانەمانی شانی بەردەرکی سەراوە مرۆڤێکی پەپولە جوڵەی ئێسك سووکی شەونمی سەرگونا گوڵانی هەرەتی بەهاری وەنەوشەی گوێ کەناران هەنگاو بە هەنگاوی گوڵاپژێنی نازی خۆشەویستی دەکرد، هەمووان ئەو نازەیان بە خونچە گوڵەباخی قازانقایە لە گوڵدانی سینەیان دەکردو لە بۆی هەناسەی شارەوە رۆژباشی، رۆژێکی جوانتریان لە خەڵکی شار دەکرد.

کاتێ هونەرمەندێکی وەك کابان چاوی ژیانی هەڵهێنا، ژیان چاوانی کەژاڵی بە ئاورینگی خۆری تازە چاوهەڵهاتوو رشت و سوورمە رەنگ بوو، گۆرانی زاری پڕاو ئاسمان ئاواز بارانی بوو، عەردو ئاسمان خۆش خەندەبوون، ئاسۆکان ئاڵ و واڵابوون بوون گوڵوانگەی جەژنی لە دایك بوون و چراخان ئەما چراخان..

کابان ئەو دەنگەبوو، تا دوایین هەناسە شیلەی چێژی و تامی ژیان و ئەڤینی لێ دەچۆڕێ، ئەو دەمەی بەر لە دوادەی کۆچی یاران لە چواردەوری کۆڕیان بە سۆزەی (ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم) بەستبوو، لەو دەری دەستبەردام و ماڵئاوییەیدا، خودا شایەت، ئەو شاگوڵە باخا ئاویزانەم بینی، لە تەکماندا وەرز بە وەرز دەژمێرن و، کاتێکیش هەوار لە هەوارگەری سەختی بەفرانباردا دەکەن و، پاش بارینی بەفری زیوین نوێنی تەمەن لەسەر پرچ و پەرچەمیان و هەر چەندە شەوی سایەقەی سامالێ گوڵستان بە زوقم و شەختەکەر بەنازەوە ئەو سەرپۆشە بێگەردە لادەداو دەیان خونچەگوڵی بەناز پشکوتووی تازەسەر پەرچەم دەنێ.

گوتیان: بۆ گەلێك گۆرانی بۆ نەگوتووین؟ منیش بۆ سۆراغی ئەو پرسیارە، چوومە خزمەت گەوهەرکارێکی، گەوهەر گران هەڵسێنەر. لە وەڵامدا فەرمووی: جارێ واهەیە کێوێ دەکۆڵن و بە وردی لە بێژنگی بینینەوە دەدەن، ئەوسا ئەگەر ئەڵماسێ، پارچە زێڕێ، بە ئارق رشتنێکی ماندوو ولاوەنان عەوداڵانی گەوهەری یەك دانە، دانە گەوهەرێکیان لە چارە دەنووسرێ، بەڵێ، کابان، بیست گەوهەری دانە دانەی بە گەردنی بووکی گەردن بەرزی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردەوە کرد بۆیە هونەرەکەی شاکار بوون چونکە هەرگیز نەیوستووە هونەرەکەی زۆر بێ و بێ بایەخ بێ.

دوایین زاری پرسیارم کردە هونەرمەندەکەمان، کاك کەریم گیان دەڵێن ئۆغرت کرد؟ ئەمە چۆن بوو؟

لە بری (کابان) ئاواز گۆرانی و شیعر ئەوانەی لە گوڵدانی (کابان)دا جوانترین گونجاندن و یەکانگیرییان لە ئامێزی دەنگێکی خۆشەویستدا، دەستەملانی بووبوون، پێیان گوتم: نەرۆیشتووین و بەجێماننەهێشتووین، ئەوەتا لەلاتانین، گەلۆ نە ئاواز نە گۆرانی و نەشیعر و نە ئەڤین.. نامرن و ناڕۆن.. بە وردی سەرنج بدەن، ئەوەتا، ئەوەتا، لێرەیە، لەوێیە. هێشتا وەکو دوا گۆرانی نەچریکاندووە. کەواتە چاوەڕاوانبن.





# بیر گوزار بڕوای بە ڤاڵەنتاین نییە

هەمیشە واباوە کە یاد کردنەوەی ڕۆژی خۆشەویستی (ڤاڵەنتاین) لەلایەن هونەرمەندانەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەو یادە دەکەنەوە و ئاهەنگ و چالاکی هونەری تایبەت ئەنجام دەدەن و ڕەنگە زۆر سەیر بێت ئەگەر بەرگوێمان بکەوێت کە هونەرمەندێك ئەم یادە نەکاتەوە یان بەشداری لە چالاکییەکی تایبەت بەم بۆنەیە نەکات.

بەڵام خانمە ئەکتەری تورکی بیرگوزار کۆریل کە بە (دادوەر فەریدە) ناسراوە، هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو کەسانەی ئەم یادە دەکەنەوە یاخود لە ڕۆژی ١٤ی فیبرایەر ئاهەنگ و چالاکی ئەنجام دەدەن و ڕایگەیاند بە هیچ شێوەیەك ئەم یادە ناکاتەوە، ئەمەش تا ڕاددەیەك مایەی سەرسوڕمانە.

بیرگوزار لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی (gecce) وتی: ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستییەوە کارێکی دەستکردە و کەسانێك دەیانەوەی بەو بیانووە خۆیان وا نیشان بدەن کە کەسانی تریان خۆشدەوێ، من بڕوام پێی نییە و هیچ هۆکارێك نابینم بۆ ئەوەی کە خەڵك وا مکوڕە لەسەر ئەوەی کارە و ئاهەنگ گێڕان لەو ڕۆژەدا.

شایەنی وتنە بیرگوزار هاوسەری ئەکتەری ناسراوی تورك خالد ئەرگنشە کە بە (سوڵتان سلێمان) ناسراوە و کوڕێکیان هەیە بە ناوی ئەحمەد، هەروەها بە هاوبەشی بەشداری چەندین کاری هونەرییان کردووە لەوانە: و یبقی الحب، و اغنیە حب).



# فیلمە نوێیەکەی شارۆخان ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە

چەند پارتێکی سیاسی هندۆسی توندڕۆ لە شارێکی ویلایەتی جۆجارتی هیندی داوایان لە خەڵك کرد کە بەشداری نەکەن لە چالاکییەکانی پێشوازی کردن لە تیمی وێنەگرتنی فیلمی (Raees) کە لە پاڵەوانیەتی ئەستێرەی ناوداری بۆڵیۆد شارۆخانە.

هەرچەندە لە شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکە پێشوازییەکی گەرم لە شارۆخان کرا و بە هەزاران کەس لە هەوادارانی هاتبوونە پێشوازیی لە فڕۆکەخانەی ویلایەتەکە، بەڵام ئەو لێدوانە سیاسییە وەك لێدانێکی کوشندە بوو بۆ شارۆخان و وەك هەڕەشەیەك لە بەرهەمهێنەرانی فیلمەکە وێنەگرتنی فیلمەکە ڕابگرن بەر لەوەی تووشی گرفت ببنەوە.

ئەم ناڕەزایەتییە پارتە سیاسییەکانی هیندۆسەکان لە ئەنجامی لێدوانێکی پێشووتری هات دەربارەی زیادبوونی حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە موسڵمانەکان لە هیندستان.

ئەم لێدوانە و هەڵوێستە کاریگەریی سلبی لەسەر وێنەگرتنی فیلمەکە دەبێت، چونکە بەپێی دوایین ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان پێویستە شارۆخان ماوەی ١٥ ڕۆژ لەو ناوچەیە بمینێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو پارتە سیاسییە هندۆسە بەردەوام لە دەست وەردان لە کاروباری فیلمەکە و داواکردن بە ڕاگرتنی وێنەگرتن، ئەوا ناتوانێت لەوێ بمینێتەوە ئەمەش کاریگەریی لەسەر بودجەی فیلمەکە و داهاتی چاوەڕوان کراوی فیلمەکە دەبێت

فیلمی Raees باس لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەکات و چاوەڕوان دەکرێت یەکێك بێت لە فیلمە بەهێزەکانی شارۆخان و ڕکابەری بکات لەگەڵ فیلمی (سوڵتان) کە لە پاڵەوانیەتی سەلمان خانە.



# ئەلیساش کەوتۆتە داوەکەوە

لە لێدوانێکیدا دەربارەی ژیانی سۆزدارییەوە خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسا بە ئاشکرا باسی کرد و دانی بەوە ناوە کە کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەوە بەمەش کۆتایی بەو بابەتە هێنا کە ماوەیەکە دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەو خانمە گۆرانیبێژە لە میدیاکان باس دەکرا و زۆر جاریش رەت دەکرایەوە.

لەم بارەیەوە ئەلیسا وتی: بەڵێ من ئێستا لە حاڵەتی خۆشەویستیدا دەژیم، حاڵەتێکی خۆشەویستی تایبەتە کە زۆر زەحمەتە جارێکی دی دووبارە ببێتەوە، بەڵام ناسنامەی خۆشەویستەکەی ئاشکرا نەکرد. تەنیا وتی: پیاوێکی جوان و سەرنجڕاکێشە و وابزانم پێم ئاسایی دەبێت کە رۆژێك لە رۆژان ناوی ئاشکرا بکەم.


ئەلیسا لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (لها) دووپاتی کردەوە کە پەشیمان نییە لە هیچ پێوەندییەکی خۆشەویستی کە پێشتر پێیدا تێپەڕ بووبێت و لەم بارەیەوە وتی: بەڕای من نهێنی پێوەندی خۆشەویستی سەرکەوتوو، سەرەتا پێویستە خۆشەویستی هەبێت ئینجا گونجان و لێك تێگەیشتن لە نێوان هەردوولادا.

دەربارەی خۆشترین شوێن بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەی نانی لێ بخۆن ئەلیسا وتی: ماڵەوە باشترین شوێنە بۆ نان خواردن لەگەڵی بەمەرجێك بە هیچ شێوەیەك دەست لە کاروباری چێشت لێنان وەرنەدات، خواردن لە ماڵەوە لەژێر رووناکی مۆمەکان زۆر خۆشە و هەرچییەکی بوێ پێی دەبەخشم تەنیا رێگای ئەوەی پێنادەم دەست بخاتە نێو ئامادە کردنی، چونکە من حەز لە خواردنی ئامادە کراو دەکەم.

# واحید مەرجان هونەرمەندێکی شارەزا و لێهاتوو لە چەندین بواری هونەریدا









ئێوارەی رۆژی ٩ی ئەم مانگە لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا و دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی هونەرمەندی بەئەزموونی بواری دراماو شانۆی کوردی واحید مەرجان لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. ئەم هونەرمەندە بلیمەتە کەسێکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆزی گەلەکەمان بووە و بەچەندنی شێوە و لە چەندین بواری هونەری جیاجیادا خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە گەلەکەمان کردووە. واحید مەرجان کە ماوەی ٥٠ ساڵ لەبواری شێوەکاری، میوزیك، شانۆ و دراما کاری کردووە یەکێك بووە لە هونەرمەندە دیار و بەرچاوەکانی ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو کە بە سەردەمی زێڕینی هونەری شانۆی کوردی وەسف دەکرێت.

جگە لە شانۆ و دراما مەرجان ئاوازدانەرێکی بەتوانا بوو، لە هەمان کاتدا دەستێکی رەنگینیشی هەبووە لە بواری شێوەکاریدا، بەمەش دەتوانین بڵێین هونەرمەندێکی بەتوانا و بیلمەت بوو و لە گشت ژانرە هونەرییەکاندا شوێن پەنجەی دیار بووە و بەشدارییەکی تێدا هەبووە، ئەمەش تا رادەیەك حاڵەتێکی دەگمەنە، چونکە هەرچەندە هونەرمەندان تواناو بەهرەشیان هەبێت لە زیاتر لە بوارێکی هونەری، بەڵام دەگمەنن ئەوانەی کە خۆیان لە قەرەی زیاتر لە بوارێکی هونەری دەدەن، چونکە هەر ژانرێکی هونەری تایبەتمەندی و پێویستی خۆی و هونەرمەندانی هەر بوارێك پێویستە چەند خەسڵەتێکیان هەبێت کە بەشێکیان رەنگە خۆڕسك بن، بەڵام بەشی زۆریان پێویستیان بە مەشق و راهێنان و ماندووبوونێکی زۆر هەیە.
واحد مەرجان لە بوارەکانی گۆرانی و موزیك و شێوەکاری و نواندندا چەندین بەرهەمی نایابی خستووەتە نێو ئەرشیفی هونەری کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا بنەماڵەی مەرجان رۆڵێکی کاریگەریان لە بزاڤی هونەری کوردی هەبووە، ئێستاش کوڕو نەوەکانی واحید مەرجان لە بواری هونەری کار دەکەن و شوێن پەنجەیان بە کولتووری کوردییەوە دیاروبەرچاوە.
هونەرمەندی کۆچ کردوو واحید مەرجان لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٢ شاری هەولێرەو لە گەڕەکی تەیراوە چاو بەدنیا هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئیبن مستەوفی تەواو کردەوە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە ١٩٦٢. ساڵی ١٩٦٣ لە شەقڵاوە بووەتە مامۆستا، ساڵی ١٩٥٨بەشداری یەکەم پێشانگای هاوبەشی کردووە لە یاریگای هەولێر و خەڵاتی دووەمی لە پیشانگاکە وەرگرتووە. بە درێژایی تەمەنی لە بواری شێوەکاریدا زیاتر لە ٣٥ پێشانگاکە تایبەتی کردووەتەوە لە ناوەوە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.
لە بواری موزیك و گۆرانیدا ئەندام و دەستەی دامەزرێنەری تیپی میوزیکی دەرسیم لە ساڵی ١٩٥٩ لە هەولێر بووە. لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری لە یەکەم فێستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا کردووە بەئۆپەرێتی باران، کە لە نووسین و ئاوازی خۆی بوو پێشکەشکردووە. لە ساڵی ١٩٧٩ وەك شارەزا لە بواری دیکور و جل و بەرگ لەگەڵ تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٨٢دەبێت بە سەرپەرشتیاری هونەری لە بەڕێوبەرایەتی شانۆ و هونەرە میللیەکان، هاوکات سەرۆکی تیپی میوزیکی هەولێر بووە، سەرۆکی تیپی مۆسیقای کومەڵەو هونەر و وێژەی کوردی بووە، ئەندامی تیپی میوزیکی شۆڕش بووە.
جگە لەوەی کە شارەزایی لە چەندین ئامێری میوزیکی هەبووە لەوانە کەمان و عوود و نای و ریتم، لە هەمان کاتدا بۆ یەکەم جار لە کوردستان ئامێری ئۆکوردیۆنی لە شێوەی رۆژئاوایی دەگۆڕێت بۆ رۆژهەڵاتی، لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی ناوداری کورد میوزیکی ژەنیوە لەوانە تاهیر توفیق، محەممەد عارف جەزیری، مشکو هەولێری، مریم خان، عائیشەشان، رەسوڵ گەردی، فوئاد ئەحمەد، محەممەد ئەحمەد ئەربیلی، محەممەدجەزا، عیسا بەرواری.



## ژیاننامەی واحد مەرجان

- واحید مەرجان لە دایكبووی ساڵی ١٩٤٢ ی گەڕەكی تەیراوەی شاری هەولێرە
- خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ابن مستەوفی تەواو كردەوە .
- دەرچووی خانەی ماموستایانە ١٩٦٢.
- لە شەقڵاوە ساڵی ١٩٦٣ بووەتە مامۆستا.
- بەشداری یەكەم پێشانگای هاوبەشی كردووە لە یاریگای هەولێر و خەڵاتی دووەمی لە پیشانگاكە وەرگرتووە سالی ١٩٥٨.
- زیاتر لە ٣٥ پێشانگاكە تایبەتی كردۆتەوە لە ناوەو دەرەوەی هەرێمی كوردستان.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای دەرسیم ١٩٥٩.
- بەشداری لە یەكەم فیستڤاڵی هونەری كوردی لە بەغدا كردووە لە سالی ١٩٧٤ بەئوپەرێتی باران كە لە نووسین و ئاوازی خۆی بوو، ئەندامی لێژنەی هەلسەنگاندن بووە لە فیستیڤالەكە.
- وەك شارەزا لە بواری دیكۆر و جلو بەرگ لە گەڵ تیبی هونەرە میللیەكان كاری كردووە لە ساڵی ١٩٧٩.
- سەردانی وڵاتانی یەكیتی سوڤێت و نەمسا دەكات لەگەڵ تیپی هونەرە میللیەكان وەك سولێست لەسەر ئامێری عود.
- لە ساى ١٩٨٢دەبێت بە سەرپەرشتیاری هونەری لە بەرێوبەرایەتی شانۆ و هونەرە میللیەكان.
- سەرۆكی تیبی مۆزیكی هەولێر بووە.
- سەرۆكی تیپی مۆسیقای كومەڵەو هونەر و وێژەی كۆردی بووە.
- ئەندامی تیپی موزیكی شۆرش بووە.
- سەرۆكی تیپی مۆسیقای كرێكاران بووە.
- سەرۆكی تیپی مۆسیقای چالاكی هونەری بووە.
- سەرۆكی تیپی مۆسیقای مامۆستایان بووە.
- سەرۆكی تیپی مۆسیقای هونەرە میللیەكان بووە لە ساڵی ١٩٩٤.

**لە بواری نواندندا بەشداریی لە چەندین كاری هونەریدا كردووە كە دەنگ و سەدایەكی زۆری هەبوو لەوانە: تاپۆ حەقی چییە، گولی نهێنی، مارەیی مێوانی ناوەخت، ئەمینە ئەتەندی، گەمەی خەونە ئازادەكان، مەمی ئالان، چلپاو كاروانی خەبات، چارە رەش، چیرۆكی كون، زاوای گەلحۆ، رووباری ژیان، شێت خانە، ئابروویی خێزان، سێ كەلەپوتەكی.**

**هونەرمەندی خاوەن ئەزموونی بواری دراما و شانۆ و سینەما ئەنوەر شێخانی لە بارەی كۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە دەڵێت: واحید مەرجان یەكێك بوو لەو هونەرمەندانەی كە تا ئەو رۆژەی سەریشی نایەوە، هیچ هونەرمەندێك دڵی لێی زویر نەبووە، لە چەندین بواری هونەری جیاجیادا خزمەتی شاری هەولێری كردووە و لەو رێگایەوەش خزمەتی كوردستانی كردووە.**

**هەروەها هونەرمەندی موزیكژەن فەرهەنگ غەفوور بەم شێوەیە وەسفی واحید مەرجان دەكات: پێویستە ئێمە توێژینەوە لەسەر تەمەن و ئەزموونی ئەم جۆرە هونەرمەندانە بكەین، واحید مەرجان هونەرمەندێك راستگۆ و شەرمن بوو، هەمیشە حەزی نەدەكرد قسە بكات، بەڵكو حەزی دەكرد بەردەوام بە هونەر و كارە هونەرییەكان گوزارشت لە كارەكانی بكات.**

## شانۆکار ئالان سلێمان:

# هێشتا کاری زۆرم لەبەردەم ماوە تا ببم بە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو

**زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە لە نێو کورددا ئافرەتی هونەرمەند لە هەموو ژانرە هونەرییەکاندا کەم بووە، جاران ئافرەتە گۆرانیبێژەکان، یان موزیکژەنەکان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران، لە دراما وشانۆش ئەگەر کەمتر نەبووبن، بێگومان زیاتر نەبوون، تەنانەت زۆر جار پیاو رۆڵی ئافرەتانیان بینیوە، ئەگەر باس لە شێوەکاری و تابلۆکێشانیش بکەین بە هەمان شێوە بووە و ئافرەتان تەنیا وەك حەزێك ئەوەی لە هزر و خەیاڵیاندابوو بە فڵچەکانیان نەخشاندوویانە، بەڵام ئێستا لە هەموو بوارەکاندا پێچەوانەیە و ئافرەتان شان بە شانی پیاوان لە هەموو ژانرە هونەرییەکان ئامادەبوونیان هەیە و لە هەر بوارێکیشدا خاوەن ستایل و ئەزموون و تەنانەت جەماوەری تایبەت بە خۆیانن، (ئالان سلێمان) یەکێکە لەو کچانەی کە خاوەن توانا و بەهرەیەکی زۆرە لە بواری شانۆ. ئەو ئەگەرچی لە سەرەتای کاروانی هونەرییە، بەڵام توانیویەتی بە هاندان و پشتگیری خانەوادەکەی بەتایبەتی باوکی تا رادەیەکی زۆر لەو کارانەی بەشداریی تێدا کردووە، بوونی خۆی بسەلمێنێت و وەك کارەکتەرێکی لێهاتوو لە شانۆگەرییەکاندا دەبیندرێت.**

ئالان دەربارەی ئەوەی ئایا هونەری نواندن بە گشتی و شانۆ بەشێوەیەکی تایبەت تەواوی ژیانی داگیرکردووە یان نە، دەڵێ: خۆشەویستیم بۆ شانۆ بێ سنوورە، بەڵام ناتوانم بڵێم تەواوی ژیانمی داگیرکردووە، بەڵکو بەشێکە لە ژیانم، تا ئێستاش نەمتوانیوە ناو لەخۆم بنێم شانۆکار، چونکە شانۆ هونەرێکی مەزنە و منیش نەمتوانیوە هەموو ژیانی خۆمی بۆ تەرخان بکەم، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە،بۆیە ناتوانم بڵێم کە بەڵێ هونەر و شانۆ دڵی منیان داگیرکردووە، بەڵکو تەنیا لای من حەزێکە بۆ ئەو بوارە.

ئالان لە سەرەتای کاروانی هونەرییە و هێشتا رێگای زۆری لە بەردەم ماوە بۆ ئەوەی زیاتر بوونی خۆی بسەلمێنێت و ببێتە ناو لە شانۆی کوردیدا، بەڵام تا ئێستا لە کاروانی هونەری بە سەرکەوتوو وەسف دەکرێ و بووەتە هۆی ئەوەی بناسرێ، هەر لەم بارەیەوە ئالا دەڵێ: حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە هاتنە نێو بواری هونەری و بەشداریکردنم لە شانۆگەرییەکانەدا،وەك کارەکتەرێکی بچووك تەنیا حەزێك بووە، بۆیە مەرج نییە لەو بەرهەمانەی من تێیدا بەشداربووم، ١٠٠٪ سەرکەوتوو بم، چونکە هێشتا بواری زۆرم لەپێشدایە تا بتوانم ببم بە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو لەسەر تەختەی شانۆ، ڕەنگە لە هەندێك کاری خۆم ڕازی بم، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە من ئەکتەرێکی سەرکەوتووم، بەڵکو بڕیار لەدەستی ئەوانەیە کە بینەری شانۆگەرییەکانن، یاخود کەسانی شارەزا لە بواری شانۆ دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی من بکەن، بەڵام لە هەوڵدام خزمەتێك بە میللەتەکەم بکەم لە بواری شانۆ و نامەوێ بە هیچ شێوەیەك لە کارێکدا بەشداری بکەم کە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا نەگونجێت، تەنیا لە پێناو ئەوەی سەرکەوتوو بم، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە من ویستوومە جوانی ڕوخسارم وەك خۆی دەرکەوێت، نەك بە ماکیاژ خۆم جوان دەربخەم، جگە لەوەش من پێموایە ئافرەت بە ماکیاژکردنی جوانی خۆی لەدەست دەدات و لە داهاتووشدا جۆرێك لە چورچی و نارێکی بە ڕوخسارییەوە دیاردەبێت،

ئەوەی که منیشی ناسیبێت دەزانێت من هەروابوومە.

سەبارەت بەو دەرهێنەر و شانۆکارانەی که لەگەڵیاندا هەست بە ئاسوودەیی دەکات و حەز دەکات بەردەوام کاریان لەگەڵدا بکات ئالان دەڵێ: ئەوەی من هەمیشه هەست به ئاسوودەبوونی خۆم بکەم لەگەڵی مامۆستا (یوسف یوسفی) و چەند دەرهێنەرێکیتر، که بوونەتە مامۆستایەك بۆ پێگەیاندن و ناساندنی توانایەکی نوێ له نێو شانۆدا، جوانترین نموونەی کاریشم پێشکەشکردنی شانۆگەریی (خۆشەویستییەك بۆ کوردستان) بوو، که لەگەڵ مامۆستا یوسفدا پێشکەشمان کرد، ڕۆڵێکی دیاری له نێو شانۆگەرییەکەدا به من بەخشی، ئەوەی که ئەو شانۆگەرییەشی بینیبێت، تێدەگات لەوەی که دەرهێنەر چۆن به ماندووبوونێکی زۆرەوە توانیویەتی شانۆکاران وا ڕابهێنێت که به فیعلی بچنە نێو ئەو ڕۆڵانەی که بۆیان دیاریکراوە.

ئالان پێیوایە که خۆشەویستی بێ سنووری بۆ شانۆ هەیە و هەر ئەوەشە وای لێکردووە روو لەم بوارە بکات و دەڵێ: پێموایە شانۆ دایکی هونەرە، کاتێك که نمایشێکی شانۆیش دەبینی، عەشقێك لەدڵت دروستدەبێت،چونکە که جووڵە و شاکارەکان دەبینی، هەستدەکەیت که گێڕانەوەی ئەو گرفتانەیە که ڕۆژانە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردی دەبنەوە. بۆیە خۆشەویستییەك لە نێو دڵی مندا هەبوو بۆ دنیای هونەر، بەڵام باوەڕم بەوە نەبوو که ڕۆژێك لە ڕۆژان پێ بخەمەسەر تەختی شانۆ، بەڵام ئەوەی که هەمیشه سووربوو لەسەر ئەوەی که دەبێت من ببم به کچەشانۆکارێك (سلێمان گەلاڵی) باوکم بوو، که هەمیشه دەیویست ڕێچکەی ئەو بگرینەبەر وخزمەتێك پێشکەش به دنیای بێگەردی هونەر بکەین، وەلێ دیارە ئێستایش زۆر هەست به بەختەوەربوون دەکات که من لە نێوبوارەکەدا دەبینێت.

سەبارەت به بابەت و سیناریۆی ئەو کارانەی تا ئێستا بەشداریی تیادا کردووە دەڵێ: سیناریۆی زۆربەی هەرە زۆری شانۆگەرییەکان، بریتین لە گێڕانەوەی تراژیدیایەك که به سەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا هاتوون، بەتایبەت ئەو کارەساتانەی که ڕووبەڕووی ئافرەتانی کورد بوونەتەوە، بۆیە پێموایە شانۆ دەتوانێت پەیامی زوڵم و تراژیدیاکانی که به سەر ئافرەتی کورد هاتوون، بگەیەنێتە دنیا، جگە لەوەش پەنجە دەخاتە سەر ئازارەکان و بەزمانی خۆی گرفتەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە دەخاتەڕوو، زۆرجاریش له ڕێگەی شانۆگەرییەکەوە گرفتەکان چارەسەرکراون.

